# چۆن پشتگوێخستنی فیدراڵیزمی عێراق لەلایەن رۆژئاواوە رێگای بۆ داڕمان کردۆتەوە

07-04-2023

**نووسەرەکان**

د. محەممەد شەریف

**کورتە :** ئاشکرایە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی سرووشتی رۆژئاوایە. لە چەندین رووداودا سەلماندوویەتی کە هاوپەیمانێکی جێ متمانەیە، دواییبنیان لە 5ی کانوونی دووەمی 2020 بوو کاتێک پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بایکۆتی دەنگدانێکیان لەسەر دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کرد، لەدوای کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران.

د. محەممەد شەریف

لەوانەیە هەندێک پێیان وابێت ناونیشانەکە زیادڕەوی تێدایە، بەڵام لەڕاستیدا، جارێکی دیکە عێراق لە لێواری داڕماندایە ئەم جارە بەهۆی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا و، بە پلەی سەرەکی بێ هەڵوێستی رۆژئاوا بەرامبەر کەموکورتی لە جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق. ئەمە پێشهاتێکی زۆر مەترسیدارە بە رەچاوکردنی سەرکەوتنەکانی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەت و لەهەمووی گرنگتر شکستپێهێنانی خەلافەتی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی (داعش). لە ماوەی رابردوودا عێراق پەڕەیەکی نوێی هەڵدایەوە، لە دەوڵەتێکی شکستخواردووە، وورده وورده گۆڕا بۆ قەوارەیەکی گەشەکردوو و کاریگەر و بەشێوەیەکی گشتی سەقامگیر و ئارا.. لەڕوی دیپلۆماسییەوە، عێراق رۆڵی هەبوو لە نێوەندگیری نێوان رکابەرە هەرێمییەکانی وەک ئێران و عەرەبستانی سعودیە، هەروەها، لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا میوانداریکردنی جامی کەنداو بۆ تۆپی پێ و بەدەستهێنانی خەڵاتی جامەکە لە شاری بەسرە بەڵگەی پێشکەوتنەکانن.

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی سرووشتی رۆژئاوایە. لە چەندین رووداودا سەلماندوویەتی کە هاوپەیمانێکی جێ متمانەیە، دواییینیان لە 5ی کانوونی دووەمی 2020 بوو کاتێک پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بایکۆتی دەنگدانێکیان لەسەر دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کرد، لەدوای کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران.

کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەژی، ناوچەیەک کە دوژمنایەتی رۆژئاوا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پابەندن بە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکان. سەرۆک کەنەدی جارێک دەربارەی کەنەدا گوتی "هاوپەیمانێتییەکەمان لەسەر بنەمای هیوا لە دایک بووە، نەک لەسەر ترس." هەمان شت بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کورد راستە. هاوپەیمانێتی کورد و ئەمریکا بە شێوازێکە کە هەردوولا بەرژەوەندییەکانیان تەرییە. هەرێمی کوردستان و رۆژئاوا پابەندن بە بەها لیبراڵەکان، سەرۆک ئۆباما بۆخۆی لە ساڵی 2014 دا ستایشی هەرێمی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوەکرد "ئەو دوورگە پەسەندەی کە کوردەکان دروستیان کردووە."

لە شوباتی 2014 وە تاوەکو ئێستا، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام داوایان لە هێزە نێودەوڵەتییە گەورەکان کردووە نێوەندگیری لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن. هەرێمی کوردستان داوای رێزگرتن لە دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی دەکات. زۆربەی ئەو شاندە نێودەوڵەتییانەی سەردانی ناوچەکەیان کردووەتەوە لەمە ئاگادار کراونەتەوە.

لێکدانەوەو و لێکۆڵینەوەکان پێمان دەڵین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی داگیرکردنی عێراق بە سەرکردایەتی ئەمریکا لەساڵی 2003 دا بۆ دروووستکردنی سەردەمێکی نوێ بوو بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا. کە ئەمەش لەدوای رووداوە تراژیدییەکانی 11ی سیپتەمبەرەوە سەریهەڵدا. هیوایەک هەبوو لای ئەمەریکا بۆ دروووستکردنی سەردەمێکی نوێ بۆ دانیشتوانێکی نائومێد و بێ هیوا کە چەندین ساڵ بوو لەلایەن رژێمە دیکتاتۆر و سەرکوتکەرە نەتەوەپەرستە عەرەبییەکانەوە دەچەوسێنرانەوە.

بۆ ئەم مەبەستە، عێراقی نوێی دوای سەدام لەسەر تێگەیشتن دامەزرا کە سیستەمێکی فیدراڵییە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانپێدانرا، ئەم فیدڕاڵییە لە دەستوورێکی هەمیشەییدا کە لەلایەن خەڵکەوە لە گشتپرسێکی نیشتمانیدا لە کۆتایی ساڵی 2005 دەنگی بۆ دراو و پەسەندکرا. ئەم شێوە نوێیەی حوکمڕانی کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی لێکرا، میکانیزمێک بوو بۆ ئەوەی عێراقێکی فرە چەشن و و دابەشکراو بەیەکەوە بهێڵێتەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆخۆی لە سەرەتای دامەزراندنیدا فیدڕاڵییەکی لەرزۆک بوو، بەڵام ئێستا یەکێتییەکی فیدراڵی سەرکەوتووە.

جێگەی سەرنجە و زۆر سەرسوڕهێنەرە، ئەو راستیەیەی کە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و بەتایبەتی ئەمریکا دەیانزانی کە گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 دا بەهۆی ئەم گرژییانەوە لەگەڵ بەغدا ئەنجامدرا. هەرێمی کوردستان، عێراقی تۆمەتبار دەکرد بە پێشێلکردنی 55 ماددەی دەستووری. هەرچەندە زۆربەی هێزە نێودەوڵەتییەکان پشتیوانیان لە گشتپرسییەکە نەکرد و هەر ئەنجامدرا، بەڵام لەدوای ئەوەش هێشتا وڵاتانی رۆژئاوا هیچیان نەکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانەی نێوان هەولێر و بەغدا.

کرۆکی سیستەمی فیدراڵی عێراق ئەوەیە هەرێمی کوردستان چەند دەسەڵاتێکی هەیە کە ئەمەش بەئاسانی لە لایەن حکومەتی فیدراڵی بەغداوە نابێت پێشێلبکرێت. لەکاتێکدا، زۆرجار فیدراڵیزم تاکە رێگایە بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و ناسنامەی نیوخۆیی و ئیتنی. و تاکە رێگایە بۆ پاراستنی سەقامگیری سیاسی، واتا بە لابردنی حکومەتی ناوەندی لە هەندێک بابەتی هەستیار و تایبەتمەند، بەڵام هێزە رۆژئاواییەکان هێشتا بەبێ هەڵوێست ماونەتەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم راستیانە دەزانن.

سیستەمە فیدراڵییەکان پانتایی حوکمڕانی بەرفراوان ئەکەن، رێگە بە خەڵک دەدات بۆ زیاتر دەستڕاگەیشتن بە سەرکردەکان و دەرفەتی

بەشداریکردن لە حکومەتەکەیان پێ ئەدات. فیدرالیزم جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان مسۆگەر ئەکات و ڕێگری لە ستەم ئەگرێت. تەنانەت ئەگەر کەسێک یان گرووپێک کۆنترۆڵی هەر سێ دەسەڵاتەکەی حوکمڕانی بکەوێتە دەست، ئەوا فیدرالیزم گەرەنتی مانەوەی سەربەخۆی حکومەتە هەرێمییەکان هەر دەدات و دەتوانێت لەسەر کارەکانی خۆیان بەردەوام بن. فیدراڵیزم دامەزراوەیەکە کە گەرەنتی ئازادی دەکات. هەر بۆیە بەغدا ئەبێت وریا بێت چونکە عێراق شکست دەهێنێت ئەگەر ڕێز لە دەستور نەگرێت.

کوردانی عێراق هەرگیز چارەنووسی خۆیان لە عێراقێکی دەستکردی درووستکراوی بەریتانیا لە ساڵی 1921دا قبوڵ نەکردووە. یاخیبوونە سەرەتاییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە سەردەمی شێخ مەحموود بەرزنجی لە ساڵی 1919وە بەدوای ئەویش هەر دوو شۆڕشی بارزان لە ساڵانی 1931 و 1943 بەڵگەی روون و ئاشکران.

ڕۆڵی کورد لە رووخاندنی سەدام حوسێن لە 2003دا لەسەر بنەمای بەڵینی ئەمریکییەکان بوو، کە بە سەرکردە کوردەکان دابوو، کە ئەوەی هەیانە ئەیانمێنێت و سەروەری تەواو بەسەر کاروبارەکانیان بەردەوام دەبێت ـ واتا ئەوەی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە ژێر دەسەڵاتی پاراستنی هێزی ئاسمانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا پێیانبەخشرا بەردەوام دەبێت. هەرێمی کوردستان لەڕووی ستراتیژییەوە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هاوپەیمان بوو لە رووخاندنی سەدام. کورد دەیویست لە بەرەی براوە بێت، هاوکات بە ئومێدی بەدیهێنانی ئاواتە نیشتیمانیەکانی بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی ئەکرد.

ئەو بڕیارەی لە 23ی ئادار لەلایەن دادگای نێوەندگیری پاریس لەسەر هەناردەکردنی نەوتی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، ئەو هەناردەیەی کە هەرێمی کوردستان پێیوایە لە سنووری مافە دەستووریەکانی خۆیدا ئەنجامیداوە، بووە هۆی شڵەژانی شەقام و رای گشتی لە هەرێمی کوردستان.

دادگای نێوەندگیری پاریس بڕیاریدا کە ئەنقەرە ڕێککەوتنی ساڵی 1973ی نێوان عێراق و تورکیای پێشێلکردووە کە حکومەتی تورکیا ناچار دەکات پابەندی ڕێنماییەکانی عێراق بێت سەبارەت بە گواستنەوەی ئەو نەوتەی لە عێراقەوە هەناردە دەکرێت. بەڵام بە پێی یاسای نێودەوڵەتی پەیماننامانە زاڵە بەسەر یاسای ناوخۆ هاوکات لە گرنگیدا کەمترە لە دەستووری وڵات. هەربۆیەش لە دۆخی ناکۆکی نێوان ئەم ڕێککەوتنامە و دەستووردا، پێویستە دەستوور پێش هەموو شتێک بێت واتا زاڵ بێت و ئەولەویەتی هەبێت. هەر بۆیە پێویستە دەستووری عێراق ڕێزی لێبگیرێت و مافەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی ڕێی پێبدرێت.

نەوت و گازی کوردستان گرنگە و کاریگەری هەیە. پێش بڕیارەکەی دادگای پاریس، هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان ڕۆژانە نزیکەی 450 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان و 70 هەزار بەرمیل نەوتی عێراقی (کەرکوک) هەناردەی دەریای نێوەڕاست و پاڵاوگەکانی دیکە دەکرد.

لەکۆتاییدا، ئەگەر هێزە ڕۆژئاواییەکان بەڕاستی عێراقێکی یەکگرتووی فیدراڵی دیموکراتیان دەوێت، ئەوە پێویستە ئەمریکا و هێزە ئەورووپییەکانی دیکە هەنگاوی راستەقینە بۆ فشارخستنە سەر بەغدا بنێن بۆ درووستکردنی ئاشتەوایی لەگەڵ هەولێر لەسەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی ساڵی 2005، ئەگەرنا عێراق قەوارەیەکی شکستخواردوو و رووخاو ئەبێت. سیستەمی فیدڕاڵی عێراق ئەبێت بەڕاستی فیدڕاڵی بێت ئەگەر بیانەوێت عێراق بمێنێت.